زنجیرەی
٢٥

# پەیامی دونیابینی



# عومەر عەلی و سیاسیە بەلجیکیەکان، لە پەرلەمانی ئەوروپا

د.عومەر عەلی

٢٠١٩

زنجیرە (٣٥)

# عومەر عەلی و
# سیاسیە بەلجیکیەکان،
# لە پەرلەمانی ئەوروپا

# پەیامی دونیابینی

د. عومەر عەلی
٢٠١٩

پەیامی قیبلە
رۆشنبیری گشتی و ئیسلامی . زانست و ئیمان

ناوی کتێب: عومەر عەلی و سیاسیە بەلجیکیەکان، لە پەرلەمانی ئەوروپا

نوسەر: عومەر عەلی

دیزاینی ناوەوەو بەرگ: توانا ئەحمەد

چاپخانە:

تیراژ:

نرخ:

ژمارە (          )ی ساڵی (          )ی
لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی پێدراوە

بسم الله الرحمن الرحيم

ئەندامی لەیبەر پارتی بوم لە بەریتانیا، بەشداری زۆری چالاکیەکانم دەکرد، دواتر بۆم نەڕۆشتە سەرو وازم هێنا، سیاسەت لە ئەوروپا زیاتر بۆ کەسە سەرمایەدارەکانە، جیاواز لە وڵاتانی خۆمان کە بەهۆی سیاسەتەوە دەبن بە سەرمایەدار، وەك حیزب، حیزبە سیاسیەکان بەردەوام چاویان لەدەستی ئەندامەکانە، ئابونەیان پێ بدەن و سپۆنسەری کارەکانیان بکەن، جیاواز لە وڵاتانی شەرقی حیزب هەمو شتێکە، ئەسڵەن حکومەتیش دەبێت لە خزمەتی حێزبدا بێت، بڕیارە حکومیەکان لای خۆمان نەك هەر حیزب، بەڵکو باڵێکی ناو حیزب، هەتا بگرە خودی کەسێك دەتوانێت لەباری ببات.

ئەوەی پێی دەوترێت حیزب لە وڵاتانی شەرقدا بە گشتی حیزب نی یە، ناویان حێزبە، کۆمەڵێك مافیا، بازرگان، چەتە، ڕێدەکەون بۆ فەرهود کردنی دین و ژینی خەڵکەکە.

لـە شـەرقدا ئـەوەی زۆر هـەژار بێـت و توانـای بژێـوی دەرکردنـی نەبێـت دەبێتـە حیزبـی، بـە ٤ پۆسـتی فەیسـبوك و ٢ وێنـەو لێدوانێکـی حیزبـی ئەکتیڤـی خـۆی بـەرز دەکاتـەوە، ئیتـر دەبێتـە پاڵـەوان و شـەڕی مێـژو بـە خەڵـك دەفرۆشـێت، بەچـاوی خـۆم دیـم گەنجێـك تـازە لـە ژێـرەوە دەڕۆشـت خـۆی سـورکردبویەوە لـە مامـە پیرەیـەك و باسـی خەباتـی شـاخی بـۆ دەکـرد، سـوێندتان لەسـەرم نـی یـە پخـت لـێ بکردایـە پـڕی شـەرواڵەکەی خـۆی دەکـرد.
ئاخـر نازانـم ئـەم گەنجـە بـۆ دەبێـت پشـتگیری بکرێـت و ئـەم مامـە پیـرە پشـتی بشـکێنرێت، خـۆ مامـە پیـرەی دامـاو داوای تەقاعودەکـەی خـۆی دەکـرد.

لـە ئەوروپـا چینـە هەژارەکـە بە درێـژای مێژو هەر بـە هـەژاری دەمێننەوەو گشـت سسـتمە یـەك لـە دوای یەکـەکان هـەر سـتەمی لـێ دەکات، نـاوەکان گۆڕانـکاری بەسـەردا دێـت بـەڵام نـاوەڕۆك هـەر کۆیلایەتیـە، دەبێـت ڕاکـە ڕاکـە بـکات تەنهـا بـۆ ئـەوەی بتوانێـت پـارەی ئـاو و کارەباکـەی بـدات، بەهـەزار پەلـە فرتـە پـارەی سـەفەرێك پاشـەکەوت دەکات، تـا تۆزێـك لـەو کەئابـە دەربچێـت، ئەویـش زۆرجـار بڕیارێکـی سیاسـی کاریگـەری لەسـەر دەبێـت و سـەفەری ئـەو ساڵەشـی لەدەسـت دەچێـت، ئەڵبـەت بـە مەلایـن کـەس هەیـە ئەسـڵەن هـەر ئـەو دەرفەتەشـی بـۆ نـە ڕەخسـاوە، بەسـەدان هـەر ئینگلیـز مـن لەگەڵیـان قسـەم کـردوە کـە تەمەنیشـیان گـەورە بـووە، هێشـتا لەنـدەن کـە پایتەختـی وڵاتـی خۆیانـە نەیاندیـوە، زۆریـش هەیـە ئەسـڵەن هـەر جـەوازی دەرنەکـردوە!
جیـاوازی چینـی هـەژاری ئەوروپـی لەگـەڵ شـەرقیدا ئەوەیـە لـە ئەوروپـا هەندێـك یارمەتـی دەدرێـت بـۆ ئـەوەی نەکەوێتـە سـەر جـادە! ئـەو

یارمەتیـە بـۆ ئێمـەی شـەرقی چـون نەهامەتیمـان زۆر دیـوە دەتوانیـن پێـی ئیـدارە بکەیـن و بگرە هەندێکیشـی لێ پاشـەکەوت بکەیـن بـۆ دایـك و باوکمـان، چـون ئێمـە بـە ڕۆژگارێکـدا تێپەڕیویـن نانـی وشـکیش نەبـوە بیخۆیـن، مـن بـە ئێستەشـی لەگەڵـدا بێـت دەتوانـم بـە مانـگ بـە نـان و پیـاز ئیـدارە بکـەم، تـا ئـەم کاتـەش یـەك دەنـک گرنگـی بـە شـتی مارکـە نـادەم، دەڕۆم کام جـل و بـەرگ هەرزانـە دەیکـڕم، پانتۆڵێـك بـە ١٠٠ دۆلار بێـت مـن ئـەوە ناکـڕم، دەڕۆم بـە ١٠ دۆلار پانتۆڵێـك دەکـڕم و وا حسـابی دەکـەم ١٠٠ دۆلاریەکـەم کڕیـوە، ٩٠ دۆلار دەنێـرم بـۆ کوردێکـی هـەژاری ڕۆژهـەڵات، کـە دەنگـی خـوا نەبێـت کـەس نایبیسـتێت!

زۆر ڕێگـە هەیـە بـۆ یارمەتـی هـەژار ئەگـەر پەیـڕەوی بکەیـن، ڕۆژێـك لـە سـەفەر بـوم ڕۆشـتمە مەتعەمێکـی ڕاقیـەوە نـان بخـۆم، بینیـم ٢ کـەس لەسـەر مێـزی نانخـواردن هەسـتان، لـە بەردەمیانـدا بڕێکـی زۆربـاش خـواردن مابویـەوە، منیـش ڕێـك هیـچ شـەرمم نەکـردو دانیشـتم تێـرو پـڕم خـوارد، هـەر ئەسـڵەن قاپەکانـم لێسـایەوە!

دوای ئـەوە ڕۆشـتمە دەرەوە ٣٥ دۆلارم خسـتە مشـتی ژنـە هەژارێکـەوە، سـەیری دەکـردم بـاوەڕی نەدەکـرد، چـون سـواڵکەر خەڵکـی وردەیەکـی کەمـی دەداتـێ نـەك زبـرە! منداڵەکـەی بـە کۆڵیـەوە بـو، سـەیری منداڵەکەی دەکـردو سـەیری منـی دەکـردو دەگریـا، دواتر سـەیرم کـرد بزانـم چ دەکات، بینیـم ڕۆشـتەوە بـۆ مـاڵ، وەك بڵێـی بەشـی ئـەو ڕۆژەی دەسـتکەوت و منداڵەکانـی تـر چاوەڕێـی دەسـتی دایکـە بێوەژنەکەیانـن، بـا کات بـدات بـە منداڵـەکان، خۆشـترین ڕۆژەکانـی ژیانـم بـو ئـەو ڕۆژە!

ئێمـەش بـە تەنەکـە خـواردن فـڕێ دەدەیـن، لەبیرمـە زۆر برسـی بـوم، ماوەیـەك بـێ کارو کاسـپی، لـە ڕێگـەی کوردێکـی کەرکویەکـەوە کـە پێکـەوە بویـن، ئـەو هاوڕێیەکـی لـە چێشـتخانەیەکدا کاری دەکرد، شـەوان

ئـەو نیسـکێنەی کـە دەمایـەوە بـۆ ئێمـەی دادەنـا، یەعنـی لەبـری ئـەوەی بیخاتـە زباڵەکـەوە دەیـدا بـە ئێمـە، ئێمـە کـە وەرمـان دەگـرت، بە دەسـتێك یەکـی لایەکـی سـەتڵەکەمان دەگـرت و بـەو دەسـتەکەی تـر چەپڵەمـان لـێ دەدات، گۆرانـی خۆشـیمان دەگـوت، دەمانگـوت خوایـە گیـان هەزار شـوکر بـۆ تـۆ! تـا مـردن مـن مەمنونـی کەرکویەکانیشـم بەهـۆی ئـەوەوە، کوڕەکـە نـاوی ئومێـد بـو لەبیـرم ناچێـت، ئێسـتە نازانـم چـی بەسـەرهات، هـەردەم دوعـای خێـری بـۆ دەکـەم.

ئاخــر عەزیــزان، ئێمــە لــە باشــوردا زۆر ڕێکخراویــش هەیــە دەنگــی هەژاریمــان دەگەیەنێتــە دونیــاو خەڵکــی لای خۆیــەوە هەریەکــەو کۆمەکیەکــی دەکات، بــەڵام کوردەکانــی ڕۆژهــەڵات یــەك تەلەفزیــۆن نــی یــە باسـیان بـکات، مـن ئێسـتە کـە ئـەم دێڕانـە دەنوسـم فرمێسـك بەچاومـدا دێتـە خـوارەوە، چـۆن نەیەتـە خـوارەوە خـۆم بـە مەیدانـی سـەردانم کـردون، ڕۆشـتومەتە ماڵـی وا بەقـەدەر شـایەك شـەهامەتی هەیـە، کەچـی دەچیتـە ماڵەکـەی، ڕوتـاڵ، دامـاو، لەسـەر بەڕەیـەك تـا هەڵدەسـتیت دەتەزیـت، هەتـا چایەکیـش کـە بـۆت بهێنـن هەسـت بـە شـەرمەزاری دەکەیـت، لـە باشـورەوە تەلەفـۆن دەکات دونیایـەك دەکوڕوزێتـەوە کەچـی سـەیر دەکەیـت لـە ژێـرەوە موچەشـی هەیـە!

حیزبەکانـی ئەوروپـا چـون سـەرمایەدارەکان بەڕێـوەی دەبـەن هـەردەم لـە خزمەتـی سـەرمایەداریدایە، گـەر بـە وردی بڕوانینـە گشـت ئـەو کایانـەی پەیوەسـتە بـە ئابوریـەوە هـەردەم چینـی هـەژار تێیـدا چەوسـاوەیە، بـە سـەدان ڕێگـەی چنینـەوەی پارەیـان هەیـە لـە هـەژاران، ئەسـڵەن دەتوانـم بڵێـم کۆیلایەتیـە لـە بەرگێکـی نوێـدا، سـەردەمی کـۆن کۆیلـەکان ئیشـیان

بـۆ سـەیدەکانیان دەکـردو لەبـری ئـەوە هەندێـك یارمەتیـان پـێ دەدان بـۆ ئـەوەی بژیـن، کۆیلەکانـی ئێسـتە زیاتـر جـۆری جـل و بەرگەکانیـان گـۆڕاوە، ئەسڵەن ئێستە جـۆری جلەکانیشیان وەك سەردەمی کۆیلایەتی کـۆن گەڕاندوەتـەوە بەنـاوی مۆدێلـەوە، تـۆ سـەیر ئـەو هەڵخەڵەتاندنـە، جلـی دڕاوت پـێ دەدات، ئەژنـۆ، سمت، پـوز، ڕان تـا دەگاتـە سـەروتریش دڕاوە بـە پارەیەکـی زۆرتریـش پێیـان دەفرۆشـرێت، یـەك تـۆز لۆژکیانـە بیـر بکەنـەوە، چ مانایەکـی هەیـە جلـی دڕاو گرانتـر بێـت، ١٩٠ سـەفەری جیهانـم کـردوە، کایەکانـی کۆمەڵگـەم هەمـوی دیـوە، هەرگیـز سیاسـی و سـەرمایەدارەکانی خۆیـان لـە هیـچ جێگەیەکـی فەرمیـدا ئـەو جلانـە لەبەرناکـەن، هەندێـك جاریـش لەبـەری بکـەن وەك ریکلامێکـە تـا هـەژارەکان زیاتـر بخەڵەتێـن، بەداخـەوە ئـەم حەماقەتـە شەرقیشـی گرتوەتـەوە!

کۆمپانـی نـی یـە لـە ئەوروپـا دزی نـەکات، جـا هەریەکـەو بەناوێکـەوە، حکومـەت خـۆی زۆرجـار تارگێتیـان بـۆ دادەنێـت، کـە بـڕی قازانـج دیـاری کـراو بێـت، نامەوێـت نـاوی کۆمپانیاکانیـان بهێنـم ئەسـڵەن ئەوەنـدە زۆرنلـە ژمـارە نایـەن، قازانجەکانیـان زۆر لەسـەروی دیـاری کراوەوەیـە، بـۆ ئـەوەی ڕێکـی بکەنـەوە، بـە کوردیەکـەی بیشـەرعێنن، یـان باشـترە بڵێـم بیقانونێنـن، دێـن ئـەو پـارە زیـادە وەك دیـاری پێشکەشـی خۆیانـی دەکـەن، یـان کاڵای زۆر گرانبەهـای پـێ دەکـڕن و لـە خزمەتـی خۆیانـدا دەبێـت بەنـاوی کۆمپانیاکـەوە.

ڕیبـا بـە تەواوەتـی ژیانـی ئەوروپـی کـردوە بـە جەهەنـم، وڵاتانـی شـەرق چـون بـەردەوام شـەڕی تێدایـە هەڵدێـن بـۆ ئەوروپـا، بـە حوکمـی ئـەو بـڕە پـارە کەمـە کـە مـن زۆرجـار هـەر پێـی دەڵێـم بایەعەکـە، ئیتـر بـە بـەراورد

بـە شـەڕو هـەراو گەندەڵیەکـەی لای خۆمـان باشـترە، گەرنـا ژیـان لـە ئەوروپـاو لـە ژێـر سسـتمی سـەرمایەداریدا دەبێـت وەك کۆیلەکانـی کـۆن کار بکەیـت بـۆ سـەیدەکان، کرێکارێکـی دامـاو دەبێـت شـەو و ڕۆژ بخاتـە سـەر یـەك تـا بـڕی ٢ بـۆ ٣ دەفتـەر دۆلار خـەزن بـکات، دواتـر ئـەو بڕەیـە بـدات بـە پێشـەکی شـوقەیەکی ٤٠ بـۆ ٥٠ مەتـری و دوای ئـەوەی ٣٠ بـۆ ٤٠ سـاڵ پـارەی قیسـتی شـوقە بـدات، ئەسـڵەن شـوقەکەش بـۆ هەتـا هەتایـی نابێـت بـە هـی خـۆی، بـۆ ١٠٠ تـا ١٢٠ سـاڵە بـە گشـتی، هەشـە کـە دەسـتە دوو یـان سـێ یـە، زۆر کەمتـری تێـدا مـاوە، واتـە بـۆ میـرات سـودی نابێت، خانـوش زۆر گرانـە زیاتـر خەڵـك شـوقە دەکـڕن، زۆرکـەس دەمرێـت پێـش ئـەوەی خانوەکـە بـە تـەواوی ببێتـە هـی خـۆی، یـان زۆرکـەس بەهـۆی ئیـش لـە دەسـتدان و نەتوانینـی پـارەی قیسـتەکان بـۆ ماوەیـەك بانـك دێـت و دەیفرۆشـێتەوە، واتـە ڕەنجـی دەبێتـە ڕەنجـی فەرهـاد، ئەسـڵەن دەبوایـە فەرهـاد ئەوروپـی بوایـە.

میراتیـش کـە باسـم کـرد ئـەوەی کـە بـە میـرات دەمێنێتـەوە حکومـەت بڕێکـی ئێجـگار زۆری لـێ دەبـات، چـون حسـابی دەخلـی بـۆ دەکات بـۆ واریسـەکانی، هەرچـی شـت هەیـە بیمەیـان بـۆ دانـاوە، ئێمـەی شـەرقی چـون زۆر گوێمـان لـە دونیـا نـی یـە، زۆرێـك لەوانـە ئەگـەر ئیجبـاری نەبێـت نایکەیـن، وەك بیمـەی سـەیارە کـە ناچاریـە، بـەڵام خـودی ئەوروپییـەکان دەیکـەن، چـون هـەر لـە قوتابخانـەوە ڕایـان هێنـاون لەسـەر بیمـەو مەترسـی نەکردنـی بیمـە، هەتـا بیمـەی خـودی مرۆڤیشـیان دانـاوە! لـە هەمـوی ماڵوێرانـی تـر دەبێـت هـەر گەشـتیتە ٤٠ سـاڵی خەمـی بیمـەی قەبـرو تابوتیـش بخۆیـت، گەرنـا زۆر گەورەبیـت بیمـەت بـە ئاسـانی بـۆ ناکەنـەوە، تـۆ وەرە هەمـوو مانگـێ پـارە بـدە بـۆ ئـەوەی کـە

مـردی تابوتێکـت پـێ بـدەن و بتخەنـە نـاو سـەیارەیەك و دووكـەس بـە قرتێلـەی ڕەشـەوە لەگەڵـت بێـت و بتشـارنەوە، جـا لـە هەمـووی ناخـۆش تـر هەروازیشـت لـێ ناهێنـن، ڕۆژێـك ئەوەنـدە تەلەفۆنیـان بـۆ کـردم بـۆ ئـەم جـۆرە بیمـە، وتـم کاکـە ئەگـەر مـن مـردم گـو بکەنـە قەبرەکـەم و وازم لـێ بهێنـن.

منداڵەکانـم هـەر لـە ئێسـتەوە بیانـوی ئـەوەم لـێ دەگـرن کـە دەبێـت جلەکانیـان هەمـوی مارکـە بێـت، ئـەم مارکانـە هەمـوی پارەیەکـی زیادەیـە بـۆ باخەڵکـی سـەرمایەدارەکان، دەبینـی مۆدێلەکـە هێشـتا نەفرۆشـراوە مۆدێلێکـی تـر دێـت، ئەسـڵەن مـن هـەر پێـم خـۆش نـی یـە نوسـراو لەسـەر جلەکانـم بێـت، بـۆ مـن ریـکلام بکـەم بـۆ ئـەو کۆمپانیایانـە بـە بەلاش، سبەی تـا ئێـوارە بـە لۆگـۆی ئەوانـەو خەڵـك بمبینێـت! یـەك تـۆز بیربکەنـەوە دانانـی هێمایەکـی ریـکلام کـە لۆگـۆی کۆمپانیایەکـە چەندیـن پـارە دەبێـت بـدات بـۆی تـا نیشـانی خەڵکـی بـدەن، کەچـی هـەزاران لۆگـۆ بـە سـنگ و مەمـك و سمتی ئافرەتەوەیـەو بەبازاڕیشـدا دەگەڕێـت، تـۆ وەرە چ جێگەیەکیشـیان دانـاوە بـۆ ریـکلا!، هەژاریـش چـون فعلـەن هـەژارن لـە روی ئەقڵیشـەوە هـەژارن و ئـەم ریکلامەیـان بـۆ دەکـەن، تـا گەشـتوەتە ئـەوەێ، چەندیـن نوسـینی بـێ حەیایـی و بـێ قیمەتیـش دەنوسـن، مـن باسـی ئەوانـە ناکـەم کـە نـاوی الله و محمـدو ئـەو شـتانە، ئـەوە دیـارە فکرێکـی بۆگـەن و دەسـتی لـە پشـتە، بـەڵام هـەر وەك بـوارە بازرگانیەکـە وایـان لـە خەڵـك کـردوە شـانازی بـەم نوسـینە پیسـانەوە بکـەن، لەسـەر سـنگ و مەمکـی ئافـرەت نوسـراوە باوەشـم پێـدا بکـەو پرسیار مەکـەن، لـە پشـتی نوسـراوە قەحبـە، بـەراز، زۆر شـتی تـر، ئەمـان تێدەگـەن چـون ئەقڵیەنیـش هەژارکـراون، لای خۆشـمان هـەر دەیکـڕن چـون هـەر خوێندەواریـان نـی یـە! جگـە لـە هـەژاری ئەقڵەکـەش.

باوەڕ دەکەن ئینگلیز زۆری زوو دەنویێت بۆ ئەوەی کارەباو غاز کەم سەرف بکەن.
لایەنی کۆمەڵایەتیان وا تێك داوە کە کەس لەگەڵ کەس نەیکرێت، بۆ ئەوەی هەریەکەو ناچار بێت شوقەیەك بگرێت یان بکرێت و هەمو شتەکان سەربەخۆ بێت، ئەم سەربەخۆییە لە بنەڕەتدا ناوەکەی خۆشە، بەڵام لە ناوەرۆکدا هەم زیانی گەورەیەو بۆ زۆرتر قازانجی سەرمایەدارەکانە، زۆربەی زەواج فەشەل دەهێنێت، پیاو بە جیا خانویەك و ژن بە جیا خانویەك، لەبری یەك خانو ئەوە بو بە دوخانو، واتە دو کرێی جیاواز دەدەن، هەموو شتەکان دەبێتە دوو دوو، منداڵ هەر ئەسڵەن وای لێ دەکەن چاوەڕێ نەکات ببێتە هەژدە ئەویش ماڵی خۆی هەبێت.
زۆرینەی پیرەکان کە دەمرن دوای ماوەیەك پێی دەزانن! چون کاکە کەس لەگەڵ کەس نایکرێت، دەشڵێن پێکەوە ژیان، پێکەوە ژیانی چی! وا دەزانن هەر شەڕ نەکەن ئیتر ئەوە پێکەوە ژیانە!
ژیانیان بەشێوەیەك قورس کردوە لەماڵێکدا ئەگەر کەسێك بە تەنها ئیش بکات هەر فریا ناکەوێت، بۆیە دەبێت هەموی ئیش بکات، کە ئیشیش دەکەیت هەموی دەبێت باج بدات، باجەکەش خۆ وەك زەکاتی مسوڵمان نی یە کە زەکاتی توجارەت لە سەدا دو نیوە، باجی ئەوروپی ئەوەندە زۆرە هەتا سەرمایەدارەکان خۆیان لەوەشدا خۆیانی لێ دەدزنەوە، لەگەڵ ئەوەی خۆیان ملیۆنەرن بەڵام هەزار فێڵ دەدۆزنەوە تا لە باجەکەش خۆیان ببورێنن، دەڕۆن پارەکەیان لە وڵاتی تر دەخەنە گەڕ، زۆرجار لە میدیاکانەوە دەبیستین فلان یاریچی یان فلان سیاسی و بازرگان چەند ملیۆن دزی لە باج کردوەو نەیداوە.

هەمو ئەمانە تەنها وەك ئاماژەی خێرایە، هیچی لە کتێبەوە من دەرم نەهێناوە، ئەمانە هەموی ئەزمونە،دەیبینم لە هەواڵەکانی BBC و CNN و Radio ٤ی بەریتانیاوە رۆژانە لەم مەعاناتانە دەبیستیم.
کە ئەوروپی خۆی دەکوژێت و رێژەی خۆ کوشتن زۆرە! لە راستیدا لە خۆشیدا نی یە! کێ لە خۆشیدا خۆی دەکوژێت؟! لای خۆمان خۆشیان بەستوەتەوە بە نەبڕانی کارەباو ئاوەوە، یان باشی جادەو بانەوە، چون خۆمان ئەو کێشانەمان هەیە، کێشەکانی ئەوروپا زۆر قوڵن، بۆیە کە فەراغی رۆحیشیان هەیە لەگەڵیدا ئیتر پەنا دەبات بۆ مەشروبی زیاترو تا دەگاتە موخەدەرات، مەعقولە لە زیندانیشدا پۆلیس ناتوانێت هێشتا کۆنترۆڵی موخەدەرات بکات چ جای دەرەوە.
ئێمەی مسوڵمان ئەسڵەن ژیانمان زۆر زۆر لە ئەوروپییەکان خۆشترە، ئەو پارەیەکی زۆر لە جگەرەو مەشروب بەلانی کەمەوە سەرف دەکات چون فەراغی رۆحی هەیە، لە بنەڕەتدا خۆ لە خۆشیدا پەنای بۆ ئەم مادانە نەبردوە، کەچی ئەوەش دەبێتە کێشەیەکی تر بۆیان و ئالودەیی لەسەر جادەکان دەیان بینین، مەلاین دۆلار بۆ رێگریان سەرف دەکرێت، مزگەوت و دەزگا ئیسلامیەکان گەورەترین دەوری گێڕاوە لەو بوارەدا، ئێمە ئەو پارەمان بۆ دەمێنێتەوەو فەراغە رۆحەکە بە دوو رکات نوێژو خوێندنی لاپەڕەیەك لە قورئان پڕ دەکەینەوە، ئەسڵەن لەگەڵ ئەوەشدا کە غەریبین لە مزگەوتەکان ئەوەندە خۆشەویستی هەیە پیاو بە نوسین ناتوانێت تەعبیری لێ بکات، بمرە لەبرسا لەسەر جادە کەسێك نی یە ٥ ئیرۆت بداتێ، من سەیر دەکەم سواڵکەرەکانیان لەگەڵ ئەوەشدا مۆزیقاش لێ دەدەن و قنیش بادەدەن و هونەرێکیشان هەیە تا ئێوارە پارەی خواردنێك پەیدا ناکات، لای خۆمان سواڵکەرەکان پیاو بەغیلیان پێ دەبات،

کەچـی بـاس لـە مرۆڤایەتـی دەکرێـت هـەردەم ئێمـە بـە چاوچنـۆك و ئـەوام بـە میهرەبـان دەردەخـات!.

### عومەر عەلی لە پەرلەمانی ئەوروپا

سسـتمی ئابـوری لـە ئەوروپـا خەڵکـی کـردوە بـە کۆیلـە، ئـەم سسـتمە لـە پێـش ١٥٠٠ سـاڵ هەبـوە، کـە ئیسـلام هـات کۆیلایەتـی نەهێشـت، پلـە پلـە مرۆڤەکانـی ئازادکـرد، بـەڵام لێـرە پلـە پلـە مرۆڤـەکان بـەرەو کۆیلایەتـی قـوڵ دەبـەن، کـەس خاوەنـی سـەرمایەی حەقیقـی خـۆی نـی یـە، کۆیلەکانـی سـەردەمی پێـش ئیسـلام کاریـان بـۆ سـەیدەکانیان دەکـرد، ئەسـڵەن لـە کۆشـکی سەیدەکانیشـدا دەمانـەوەو قـەرزردار نەبـون، هەتـا نانـی سەیدەکانیشـیان دەخـوارد، ئێسـتە لێـرە کۆیلایەتـی بـاری زۆر قورسـترە، هەمـوی قـەرزدارە، دەبێـت تـا مـردن قـەرزی جێگـەی خەوەکـەی بـدات، ئەوەنـدە قـەرزی لەسـەر کەڵەکـە دەبێـت کۆتـا شـت حسـاب بـۆ خواردنەکـە دەکات.
مـن کەسـێکی پسـپۆڕی بـواری ئابـوری نیـم، بـەڵام لـە قورئانەکەمانـدا سسـتمێکی گشـتی هەیـە، جانبـی ئابـوری زۆر بـە گرنگـەوە باسـکردوە، هەتـا پەیوەسـتە بـە بیروبـاوەڕەوە، ئەوەنـدە گرنگـە هەتـا سسـتمی حوکمڕانـی سیاسیش نەبێـت ئـەو هـەر بەردەوامـی دەبێـت، تەنها چەنـد جوزئێکـی نەبێـت، بـەڵام گـەر دەستەڵات لـە پشتی بێت بـە شـێوەیەکی ڕێکخـراو بـەکار دێـت کـە هەمـووی جێگـەی خـۆی بگرێـت.
نمونەمـان هەیـە کەسـێکی وەك عومـەری کـوڕی عەبـدول عەزیـز کـە پەیڕەوی ئـەم سستمەی کـردوە ئەوەنـدە بەیتولمـال پـارەی خەزنکـراوی زیـادەی تێـدا بـووە، گەنمـی لەسـەر شـاخەکان بـۆ ئاژەڵـە کێویەکانیـش

داناوە، هەتا ئێستە ئەمە وەك كەلتوریش لە توركیا پەیڕەو دەكرێت، كاتێك بەفر دەبارێت و باڵندەكان بە ئاسانی خۆراكیان دەست ناكەوێت.

سستمی ئابوری ئیسلامی ڕێك پێچەوانەی ئەم سستمی سەرمایەداریەیە، تا زیاتر ئیش بكەیت دەبێت قازاج زیاتر بۆ خۆت بێت، بۆ نمونە بازرگانی كە هیلاكی ڕۆژانەیە لە سەدا دو نیوە، زەكاتی گەنم و جۆ لە دەیا یەكە، چون یەك جار دەیوەشێنیت و یەك جار دەیدوریتەوە، خۆ ئەگەر ئاودانی تێ بكەوێت بەرز دەبێتەوە بۆ لە بیستدا یەك و بۆ زیاتریش، مەڕوبزن لە چلدا یەكە، كە زۆر بوو واتە ئەزیەتی زیاتر بوو ئەوسا دەبێتە لە سەدا یەك، تەنها خەزێنەیەك كە بیدۆزیتەوە لە پێنجدا یەكە، ئەگەر كەسەكەش مسوڵمان نەبێت دەبێت بەپێی بڕێوەی بەشداری بێت كە ڕەخنەشی لێ دەگیرێت كە بۆ ئەو پارە بدات، بەڵام لێرە بەلانی كەمەوە هەمو كەس دەبێت لە سەدا ٢٠ هەتا بۆ سەدا ٤٠ و بگرە زیاتریش بەرز دەبێتەوە، خەڵكی بوە بە كۆیلەی ریباو سەرمایەدارەكان هەردەم لە قازانجدان، ئەوانەی كە لە ژێر باری دانەوەی ریبادان هەمو ناڕەحەتی كار قبوڵ دەكەن بۆ ئەوەی توانای پارەی ریبایان ببێت، هەزاران ئافرەت دوچاری هەتا كاری بەدڕەوشتی بوە، من ناتوانم هەرچی شتە لێرەدا بە وردی باسی بكەم، هەم وەك زۆری كەیسە ئابوریەكان، هەمیش وەك كات كە كاتم نی یە، هەمیش من وەك وتم پسۆڕنیم، بەڵام ئێمە زانای وەك پرۆفیسۆر عەلی قەرەداغی مان هەیە كە پسپۆڕە لەم بوارەدا، مەركەزی لیژنەی فەتاوامان هەیە كە بارەگاكەی لە ئیرلەندایە، زانای پسپۆڕو زۆركارامەی تێدایە، ئەسڵەن من قوتابی دوو لەم ئەندامانەم بەناوەكانی د عبدالله جدیع وە شێخ سالم.

گەر وەك قوتابیەكیش قسە بكەم كە بەو دۆخەدا تێپەڕیوم، هەرگیز ئەو ڕۆژەم لەیاد ناچێت كە بڕیار لەسەر گرانكردنی خوێندن درا، ئەو ڕۆژە ئێمە لە زانكۆ هەموومان لەسەر كۆمپیوتەر بووین و ڕاستەوخۆ دەستمان لەسەر دڵمان بوو كە سەیری BBC یمان دەكرد، دواتر بڕیارەكە درا ئەوەندە تووڕە بوین هەتا هەندێك تەلەبە كۆمپیوتەرەكانیان شكاند.

دواتر ئێمە وەك ئەندامی لەیبەر پارتی ئەوەی پێمانكرا كردمان بە مەدەنی هەتا گەشتە گەورەترین خۆنیشاندان لە لەندەن، ئەوەندە بە سەختی دژی ئەو بڕیارەبوین هەتا خەریك بوو چەند پۆلیسێكی داماویش بكوژین، قوتابی هەبو لە سەر باڵەخانەكانەوە كورسی دەخستە خوار بۆ پۆلیسەكان، ئێستە كەسێك كە زانكۆ تەواو دەكات ئەوەندە پارە قەرزدار دەبێت، دەبێتە كۆیلەی قەرزەكانی، جگە لەوەی هیچی نی یە، زۆرێك لەو كرایمانەی كە دەبێت بەهۆی سەختی بواری ئەم سستمە ئابوریەیە، كابرا ئەوەندە بیمەی سەیارەی داوەو ساڵ بە ساڵ هەر گرانتریش دەبێت و دەبینیٚ لە داخاندا بە فێڵ پێكدادان دەكات هەر بۆ ئەوەی هەندێك پارەی دەست بكەوێتەوە، هەیە ماڵی خۆی ئاگرداوە لە داخی ئەم بیمانە، ئەسڵەن هەیە لە ئیسپانیا منداڵەكەی خۆی كوشتوە بۆ وەرگرتنی بیمە، كەیسەكان زۆرن، من كەمترو ئێوە زیاتری لیٚ دەزانن.

شەقامی ئەورووپیش هیچی لە سستمی ئابوری ڕازی نی یە، ئەوەتا سیاسیەكان زیاتر بەوە دەیبەنەوە كە دەڵێن هاتینە سەر حوكم باج كەم دەكەینەوە، كەچی زیاتریش دەبێت نەك كەم بكرێتەوە، ئێمە

وەك لەیبەر پارتی کە لەسەر حوکم بوین بوارە مادیەکە لە ئێستە زۆر باشتر بوو، کۆنسەرڤەتیڤ هاتە سەر حوکم یەکەم ئیش کردی بوارە ئابوریەکانی تەسك کردەوە، کۆمپانی هەیە پارەی سەدان کەس دەخوات و دواتر ئیفلاسی خۆی رادەگەیەنێت، پارەی هەژارەکان هەمووی تیا دەچێت و تەنها ناوی کۆمپانیاکە رەش دەبێت، کابرا سستمەکە پشتی دەگرێت، دەرکەوتوە زۆرێك لەوانە بە فێڵ ئیفلاس رادەگەیەنن و پارەکەیان لە ژێرەوە بە جۆرێك بۆ خۆیان پاشەکەوت کردوە.

ئەوەی کە پەیوەستە بە مادەوە هەرهەمووی قسەی هەڵدەگرێت، لەوەیە تەنها مسوڵمانەکان هێشتا حاڵیان باشترە کە وەك عەقیدە مەشروب و موخەدەرات و جگەرە لایان حەرامەو پارەکانیان لەم شتانەدا سەرف ناکەن، ئەو سستمە یارمەتیەی کۆمەڵایەتیەش کە هەیە ئەڵبەت زۆر باشە بەڵام کەمە، زۆرێك لە وڵاتە ئەوروپیەکانیش هەر هێشتا ئەوەشیان نی یە، ئەوەتا یۆنان ئێستە چی بەسەرهاتوە، وڵاتانی ئەوروپای شەرقی لە چ حاڵێکدان، جیاوازی زۆری خستوەتە نێوان چینە جیاوازەکانی ئەوروپاوە، لەگەڵ ئەوەی کە فیزە نی یە لەنێواندا، بەڵام رق و قین لە ناخی زۆربەیدا وەك ئاگر بڵێسە دەدات.

زۆر قوتابی کە تەخەروج دەکات و دەبینێ پارەیەکی زۆر قەرزارەو وە هیچیشی نی یە، هەرچۆن لێکی دەداتەوە نازانێت چۆن فریا بکەوێت، بۆیە دەبینی زۆرێك لە فەشەلی دەرونیدا بێکاری هەڵدەبژێرێت، زۆر قوتابی هەر خۆی دەکوژێت، ئامارەکان هەردەم زیاترمان پێ دەڵێن، وە نەبێت کاریش هەروا ئاسان بێت، هەمووی داوای ئەزمون دەکات،

ناچار قوتابی لەگەڵ ئەو هەمو بارە قورسەدا بەبێ بەرانبەر کاربکات تەنها بۆ ئەوەی ئەزمون بەدەست بهێنێت، من خۆم لە چەندین دەزگا بە خۆبەخشی کارم کردوە، لەگەڵ کاری خۆبەخشیدام، بەڵام کە دەوڵەمەند بیت کاری خۆبەخشی بکەیت، نەك من هەژار بم و بە خۆبەخشیش کاربکەم، کۆیلایەتی گەشتوەتە کوێ؟ کار بۆ سەرمایەدار بکەیت و نانە زگیشت پێ نەدات.
سوپاس بۆ ئەو کاتەی پێتان بەخشیم.

سیاسەت لە ئەوروپا زیاتر بۆ کەسە سەرمایەدارەکانە، جیاواز لە وڵاتانی خۆمان کە بەهۆی سیاسەتەوە دەبن بە سەرمایەدار، وەك حیزب، حیزبە سیاسیەکان بەردەوام چاویان لەدەستی ئەندامەکانە، ئابونەیان پێ بدەن و سپۆنسەری کارەکانیان بکەن، جیاواز لە وڵاتانی شەرقی حیزب هەمو شتێکە، ئەسڵەن حکومەتیش دەبێت لە خزمەتی حێزبدا بێت



**عومەر عەلی و**
**سیاسیە بەلجیکیەکان،**
**لە پەرلەمانی ئەوروپا**

**د.عومەر عەلی**
**٢٠١٩**

ISBN 978-168454167-6